شاعیری تورك ئومیت یاشار لە‌ شیعری (گریام)دا.. و: نەژاد عزیز سورمێ

شەو بوو
ئەستێرە لە دەریادا مەلەیان دەکرد
ڕووناهی زەوی داپۆشیبوو
چاومان
باوەشی بەیەکدا کرد
لەو مەیخانە دوورەدەستەدا
لەوێ،
لەو شارە دوورەدا
بادەی سووری تەزی
پیاڵەی تەژی کردین..
ماسی تازە لە سێنیدا
لە ناوەڕاستدا
هێلکەشەیتانۆکەیەکی گڕمۆڵەبوو..
کزەبای بۆنخۆش
سەوزایی نەرموونیان
خزمەتگوزارێکی ماندوو
خەریکە دەسووڕێتەوە..
کەڕەنای کەشتیان
لە دوورەوە بانگیان دەکرد
ڕووناهی
هۆ ئەو چرایە فسفۆرییە
ناوە ناوە
لە سیمات دەسوا
چاوەکانت پڕشنگیان دەدان
ئەو شەوە هەمووی بۆ ئێمە،
بۆ هەردووکمان بوو..
بۆ یەکەمین جار
هەموو شتێك
بێ پسانەوە
بێ پرسیار

بێ درۆ
بۆ ئێمە هەردووكمان بوو..

جارێكی دی لەدایك بووینەوە
خۆشی لە ئازادی و سەربەخۆی ببینین
لەگەڵ هەر پــیاڵەیەكدا دەڵێی:
(سڵاو…
سڵاو خۆشەویستم)
سەرم دەسووڕێ
ناكاو چاوم بە چاوت كەوت
پاشان،
دوای كاتێــكی زۆر
تێگەیشتم
تۆ
لە دەریای ڕاماندا
دوور ڕۆیشتووی..
وام بە بیردا هات
دەمرم و
بەجێت دێڵم
ئەو ڕۆژە ناخۆشەم بەبیر هاتەوە
ئەو ڕۆژە ژێراوژێرە ڕەشە
یەكسەر تێگەیشتم چی بوو
ڕەنگت
بە تەواوی زەردهەڵگەڕا
نیگات لێڵ بوو
موچڕكێكت بە لەشدا هات
دەستت كرد بە گریان..
من بۆ یەكەمین جار
گریانی مەزنی ژنێــكم دی
دڵداری دەكا .
بۆ یەكەمین جار
نەمریی دڵداریم
لە تنۆكە فرمێسكێكتدا بینی.
دوایی تنۆكەكان
وەك خەونەكانمان
ئومێد و نوێژەكانمان
تێكەڵی یەكتر بوون.

ئەگەر ئەو شەوە بشمردبوومایە
گوێم لێ نەبوو
لەو شەوەدا کە دەگریای
من خۆشەویستیم بۆ تۆ
بوو بە چەند ئەوەندە..
لەو شەوەدا
لە پێناوی مندا گریای
کەواتە لە پێناوی منیشدا پێبکەنە!
قەت مەگری!
تێگەیشتم خۆشت دەوێم
بۆیە جارێ نامرم خۆشەویستم .

(*) لە (مختارات من الشعر الترکی المعاصر) وەڕگێڕانی بۆ عەرەبی - فازڵ جتکەر-
بڵاوکردنەوەی وەزارەتی ڕۆشنبیری سووری 1995 وە کراوە بە کوردی.